birura_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٤٩١) یەکشەممە ٢٠٠٩/١/١٨
هاوڵاتی

# مێزگردی هاوڵاتی لەسەر دۆزی ئێستاو ئایندەی کـــ

سازدانی: پ لەندەن

**ئاشکرایە بەشێکی زۆر لە رۆشنبیران‌و کەسایەتی ناسراوو دیاری کورد لەهەندەران دەژین، ئەوان هەرچەندە لەدەرەوەی کوردستان دەژین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوورنین لە ئێش‌و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوان بەوردی چاودێری ئاڵوگۆڕەکان دەکەن‌و بەئەزموونێکی نوێوە هەلومەرجی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کوردستان دەخوێننەوەو هەڵسەنگاندنی لەسەردەکەن.**

**ئۆفیسی هاوڵاتی لە لەندەن بەمەبەستی گواستنەوەی راوبۆچوونی کەسانی شارەزاو دڵسۆزی هەندەران لەسەر دۆزی ئێستاو ئایندەی کوردستان، چەند کەسایەتییەکی داوەتکرد بۆگفتوگۆکردن، لەومێزگردەدا هەریەك لە سەباح غالب، شۆڕش حاجی، د.ڕێبوار فەتاح، د.محەمەد حاجی، د.سەلاح عەزیز ئامادەبوون‌و گفتوگۆی راشکاوانە لەو بارەیەوە کرا.**

## بەشی یەکەم

**هاوڵاتی:** ئاشکرایە ئێوە هەرچەندە لەدەرەوەی کوردستان دەژین بەڵام ئاگادارن لەوەی کە لە کوردستان چی دەگوزەرێ، ئێستا ئێوە هەلومەرجی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ یان بەشێوەیەکی تر لاتان وایە ئەگەر دۆزەکە بەم شێوازەی ئێستا بچێتە پێشەوە بە قازانجی ئێستاو ئایندەی خەڵکی کورد دەبێ؟

**شۆڕش حاجی:** من لام وایە بەم شێوازەی ئێستاو بەم شێوە مامەڵەکردنەی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ هەلومەرجەکەو لەگەڵ عێراق، وای دەبینمەوە کە ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی ئێمەی کوردو کوردستان ناکات، نە لە ناوخۆ نە لەچوارچێوەی عێراقدا، کورد لەعێراقدا ئێستا گەلێك کێشەو گرفتی گەورەی هەیە، گرفتەکان سەرەتا بەوە دەستپێدەکەن کە ئێستا خەڵك متمانەیان بەسەرکردایەتی سیاسی کورد نەماوە، یان دەتوانین بڵێین کەلێنێکی گەورە کەوتووەتە نێوان خەڵك‌و دەسەڵاتی سیاسییەوە، هەروەها ناجۆری مامەڵەکردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ دۆزی کورد لە بەغداد، ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کە سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە هێزی جەماوەری کورد بەتەواوەتی بەکاربهێنێت لەم پرسەدا، بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیویستوە یان نەیتوانیوە جەماوەری کورد بەشداری پێبکات لە پشتیوانی کردنی پرسەکەیداو نەیانتوانیوە بیانکەنە پشتیوانێ بۆ فشار دروستکردن لەسەر بەغداد، واتە خەڵك بەشداری نەکردووە لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی، مەترسی گەورەش ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد ناتوانێت پێشبینی گۆڕانکارییەکانی ئایندە بکات، لەوانەش من لام وایە ئەم جارە عەرەبی سوننە بەهێزێکی زیاترو بەکاریگەرییەکی زیاترەوە دێنە پێشەوە، لەگەڵ شیعە نزیکبوونەوەیەك دێتە ئاراوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەری ئەوەهەیە هێزەکانی ئەمریکا بەشێوەیەك لە شێوەکان بکشێنەوەو بوار لەبەردەم دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێی زیاتر بێت، کە ئاشکرایە ئەوان هەموو کۆکن لەسەر نەسەلماندنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی مەسەلەی کەرکوك، هەموو ئەوانە لەگەڵ نەبوونی بێبەرنامەیی سەرکردایەتی کوردو بێمنەتی لەوەی کە پرس بەخەڵك بکرێت‌و پێکەوە راوێژ بکەن، بۆیە من گومان دەکەم لەمامەڵەکردنی سەرکردایەتی کورد کە بەرژەوەندی خەڵکی کورد بخەنە سەرو بەرژەوەندی خۆیانەوە، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە ئەوان خەڵکی کوردستان بەشدارناکەن لە بڕیارە سیاسییەکانداو تاڕادەیەکی زۆر لە نارۆشنیدا مامەڵەدەکەن، تەنانەت گومان دەکەم کە پەرلەمانی کوردستانیش بەشداری پێبکەن لە بڕیارە سیاسی و چارەنووسسازەکاندا، ئەوە خاڵێکی گرنگە کە بپرسین تاچەندە خەڵکی رۆشنبیرو پەرلەمانتارەکان، جەماوەر، ئاگادارن لەبەرنامەی ئایندەو ئاگادارن لەمامەڵەی سیاسی لەگەڵ لایەنەکانی ناو عێراق‌و دەرەوەی عێراق، هەموو ئەو نارۆشنی‌و ناشەفافییانە وادەکەن کە مرۆڤ نەتوانێت بڕوا بەوە بکات کە ئایندەمان بەم شێوازەی کارکردنە گەش‌و روونبێ.

**هاوڵاتی:** لەگەڵ پرسیارەکەی پێشوو، پرسیارێکی تریش دەخەینە بەردەم ئێوە، ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد، تاچەندە پلانی هەیە بۆ ئەگەرەکانی ئایندەو بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ڕەنگە لەچەند مانگی ئایندەدا بەهۆی ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە بێنە پێشەوەو هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێت؟

**سەباح غالب:** لە ئەنجامی ئەو مێژووەی کە لەگەڵ پارتە کوردییەکان هەمانە، لەئەنجامی ئەو ئەزموونەی کە لەدوای ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ ئەوان هەمانە، بەداخەوە دەتوانین بڵێین، کورد بەرنامەیەکی داڕێژراوو تۆکمەی نەبوو، لەو مێژووە تا ساڵی ٢٠٠٣ کورد نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت‌و دۆزی کورد بەرێتە پێشەوە، یەکێك لە گەورەترین خاڵی تێکشکاندنی حزبە کوردییەکان ئەوەبوو ئەوان چەندین ساڵ لەو ماوەیەدا خەریکی شەڕی ناوخۆو کورد کوشتن بوون‌و کوردیان بەو شەڕەوە خەریك کرد، ئەو قۆناغە واتە لەماوەی ئەو ١٢ ساڵەدا کارێکی وایان نەکرد کە لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە دۆزی کورد بەرێتە پێشەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوکاتە کورد پشتیوانییەکی زۆری هەبوو، رێکخراوەکان، هەندێك لەوڵاتان تەنانەت پشتیوانی جەماوەری لە دەرەوە لەئاستێکی باشدا بوو، ئەوکاتە دۆزی کورد ئەو قۆناغەی بڕیبوو کە تەنها وەك مەسەلەیەکی ئینسانی‌و خێرخوازی چاوی لێبکرێت‌و مەسەلەکە ببوە مەسەلەیەکی سیاسی، لەدوای رووخانی رژێمی بەعسیش کە بەمانای رووخاندنی دەولەتی عێراقی بوو، کورد دەیتوانی زۆر زۆر لەوەی ئێستا کە بەدەستی گەیشتووە بەدەستی بهێنایە، چونکە کورد بەپێی خۆی گەڕایەوە ناو عێراق‌و بووەوە بەبەشێك لەعێراق، گەلێك جار سەرکردەکان لە قسەکردنیاندا شانازی بەوەوە دەکەن کە ئەوان لەماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا تاڕادەیەك نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو، بەڵام ئەوان بەوە رازی بوون کە بچنەوە ناو عێراق‌و ببنەوە بەبەشێك لەعێراق، ئەمە هەرچەندە ئەوان شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئەم چوونەوەیە بەویست‌و خواستی نەتەوەی کورد نەبووە، دەتوانرا بەبەرنامەیەکی نەتەوەیی‌و تۆکمەوە بچوونایەتەوەو بەهەموو هێزو توانای خۆیانەوە بیری نەتەوەیی‌و جوگرافیای نەتەوەیی کوردیان لەبەرچاو بگرتایە، ئەوکاتە دەیانتوانی بەرنامەیەکی باشتر بەڕێوەبەرن، دیسانەوە بەداخەوە خاڵێکی تر کە دەبوو کورد پێی لەسەر دابگرتایە ئەوەبوو کە بەرنامەی هەبووایە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان‌و لەسەری بچوایە تائاستی ئەوەی کە ئەگەر ئەوە نەسەلمێنرایە ئەوا لەگەڵ عێراق پێکهاتنەوەیان رابگرتایە، چونکە من لام وایە ناونان لەو ناوچە داگیرکراوانەی کوردستان بەناوچەی (ناکۆکی لەسەربوو) هەڵەیەکی گەورەو کوشندەبوو کە ئەوان هەر سەرەتا ئەوەیان قبوڵکرد، تاڕادەیەکیش پاشەکشە بوو بە دبلۆماسیەتی کوردی لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی ململانێکان، ئێستاش هەموو ئەوانە وادەکات ئێمە هەست بکەین کێشەکان وەك خۆیان ماونەتەوەو چارەسەرنەکراون، یان نەتوانراوە وەك پێویست هەلەکە بقۆزرێتەوە، بۆیە لێرەوە ناتوانین خۆشبین بین بەوەی کە هەیەو دڵنیابین لەوەی کە بەرنامەیەکی نەتەوەیی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان،

> **د. محەمەد حاجی: من پرۆژەکەم خوێندووەتەوە بەڵام ئەوە زیاتر لەئامۆژگاری دەچێت تا لەوەی کە پرۆژەیەکی جدیی بێت بۆ جێبەجێکردن، ئەو پرۆژەیە زۆر خۆی لەقەرەی شتی گرنگ نەداوە، لەوانە مەسەلەی چۆنیەتی خەرجکردنی بودجە لەپرۆژەکەدا نەهاتووە باس لەوەش نەکراوە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، باس لە هێزی ئاسایش‌و پێشمەرگە نەکراوە**

**هاوڵاتی:** ئێستا لەپاڵ ئەوکێشانەی کە لەگەڵ حکومەتی بەغداد هەیە، حکومەتی کوردی گەلێك کێشەی تری هەیە، وەك ئەوەی هەرچەندە دووئیدارەکە یەکیان گرتووەتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەتوانراوە هەندێك لەوەزارەتەکان یەکبخرێنەوە، هێزی پێشمەرگە تۆکمە نییەو سەر بەحکومەت نییە، هێزەکانی ئاسایش سەر بەوەزارەتی ناوخۆنین، خەڵك سەیری ئیدارەی سلێمانی دەکات وەك ئیدارەی یەکێتی‌و ئیدارەی هەولێریش وەك ئیدارەی پارتی، ئێوە چۆن ئەو حاڵەتە دەخوێننەوە؟

**د. ڕێبوار فەتاح:** پارتی‌و یەکێتی نەیانتوانی حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنن، حکومەتێك کە لەبناغەوە حکومەتی خەڵك بێت، ئەمەش بەشێکە لەگرفتەکە کە حکومەت حکومەتی خەڵکی کوردستان نییە وەك پێویست، راستە قسە لەوە دەکرێ کە حکومەتی یەکگرتوو هەیە بەڵام لە راستیدا سەرۆکی هەرێم کە کاك مەسعودە، ناتوانێت لە ناوچەی سلێمانی پێشمەرگەیەك بجوولێنێت بەبێ رازیکردنی یەکێتی، جگەلەوەش هەردوو حزبەکە دوو دەزگای گرنگیان هەیە بەناوی دەزگای زانیاری‌و پاراستن کە ئەوانە دەزگای حزبن‌و نەتوانراوە یەکیانبخەنەوە، دیارە ئەوان هەر لەسەرەتاوە ئەو ئیرادەیەیان نەبووە کە کار بۆ ئەوە بکەن دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن، گەلێك دەزگا هەیە کە بوونیان زۆرباشە لەوانەش پەرلەمان بەڵام ئەو دەزگایانە بەشێوەیەك دروستکراون کە لەقازانجی حزب کاردەکات‌و دەجووڵێتەوە نەك خەڵك بەگشتی.

**هاوڵاتی:** بەڵام لەبیرمان نەچێت کە لەکوردستان تاڕادەیەك پەراوێزێك هەیە بۆ ئازادی، نموونەش بوونی ئەو رۆژنامە ئەهلی‌و سەربەخۆیانەیە کە ئێستا هەن!

**د.ڕێبوار فەتاح:** دیارە من مەبەستم ئەوە نییە کە لەکوردستان هیچ نەکراوەو کەس ناتوانێت قسە بکات‌و بڵێن وەزعەکە وەك سەردەمی بەعسە، من ئەوە ناڵێم، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێن، کە هەرچەندە کۆمەڵێك دەزگای گرنگ هەن وەزیرو ئەندام پەرلەمانمان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان‌و دەزگاکان‌و ئەندام پەرلەمان‌و وەزیرەکان، وەك دەزگای سەربەخۆ مافی بەکارهێنانی سەلاحێتی خۆیان نییە، بەتایبەتی پەرلەمان زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستا کۆمەڵێك بڕیاری نەشیاویان دەرکردووە، لەوانەش هەندێك جار شەڕی لێکەوتووەتەوە وەك شەڕی پەکەکە، یان کۆمەڵێك یاسای سەرکوتکەری لێبەرهەمهاتووە، بەکورتی دەکرێ بڵێین ئەم دەزگا گەورەو گرنگە بۆ چاوبەست بەکارهێنراوە، بەرهەمهێنانی یاسای دژی تیرۆر یان یاسای رۆژنامەنووسی کە کۆمەڵێك شتی نادیموکراتییانەی تیادا بەی دەکرێت بەشێکی تری کارنامەی ئەم دەزگایەیە، بەپێچەوانەوە دەبوو پەرلەمان حزبەکانی بەیاسا ملکەچی ئیرادەی خۆی بکردایەو یەکگرتنێکی باشی لێپێکبهێنایە، دەبوو پەرلەمان لەباتی ئەوەی کە خۆی سەرقاڵی شتی لاوەکی بکات، بەشوێن ئەوەوە بوایە کە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حزبی دابخستایەو لەشکری کوردستانی یەکبخستایەو هەیمەنەی حزبی کەمبکردایەتەوە، دەبوو بەیاسا ژیانی خەڵکی کوردستانی رێکبخستایە، هەروەها یاسای سەرۆکی هەرێم یاسایەکی مەترسیدارەو دەبوو لەدەسەڵاتی سەرۆك وابڕوانرایە کە وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت نەبرێ، بە راستی سەرۆکی هەرێم ئەوەندە دەسەڵاتەکانی فراوانە کە مرۆڤ گومان دەکات، لەوەی کە چیتر لەم وڵاتە هیچ شتێکی ترت پێویست بێت بۆ بیرکردنەوەو بڕیاردان، لەلایەکی تریشەوە بێدەنگن لەوەی حزبەکان خەڵکیان کردووەتە مووچەخۆری خۆیان، کە ئەمەش وادەکات چیدی خەڵك نەتوانن ئازادبن لەدەربڕینی بیروڕای خۆیان‌و وەك بژێوی وابەستە بن بە بڕیارەکانی حزبەوە.

**هاوڵاتی:** ئێستا لە کوردستان کۆمەڵێك رێکخراوی سەربەخۆو ناحکومی (ئێن جی ئۆ) هەیە بەڕای ئێوە بوونی ئەوانە چەند کاریگەری هەیە لەسەر دۆزی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەکوردستان وەیا حکومەت چۆن لەو رێکخراوانە دەڕوانێت؟

**د.سەلاح عەزیز:** رێکخراوی ناحکومی لەکوردستان بە دوو یاسا رێکخراون، یەکێکیان لەناوچەی سلێمانییەو ئەوی تریشیان لەناوچەی هەولێرە، تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین دوو شێوازیش هەیە بۆ کارکردنی ئەو رێکخراوانە کە تاڕادەیەك لەکتر جیاوازن، بەکۆی گشتی دەتوانین بڵێین شەش سەد رێکخراو هەیە لەکوردستاندا، کە لەوانە ٥٥٠ رێکخراویان هاوکاری‌و پارە لەحکومەت یان لەحزب وەردەگرن، بۆیە دەتوانین بڵێن رێکخراوی سەربەخۆ تاڕادەیەك کەمن لەکوردستان، ئەوانەی کە سەربەخۆن، دەورێکی باشیان بینیوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەربەخۆکان تاڕادەیەکی زۆرتر شەفافن لەکارکردنیاندا، دیارە شەفافیەت بەشێکە لەکەلتوری میللەت، بەداخەوە لەکوردستان شەفافیەت کەمەو وەك پێویست بەکارنابرێت لە ئیشوکارەکاندا، لەماوەی ئەم دووساڵەی دواییدا، لەپەرلەمان هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی شەفافانە کاربکرێت، لەبەرامبەریشدا چەند لایەنێکی بەهێز هەیە کە رێگرەو نایەوێت ئەو قازانجانەی کە دەستی کەوتووە لەکاری ناشەفافیەت بیدۆڕێنێت. من لام وایە ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری باش‌و بنەڕەتییانە بەئەنجام بێنین، دەبێت چۆن کورد لەبەغداد هەوڵی دا دەستور دابنێت، چۆن داوای گۆڕانکاری کرد لەوێ دەبێت لەکوردستانیش بڕوایان بەو گۆڕانکارییانە هەبێت، ئێستا لەبەغداد گەلێك کاری باش کراوەو خەریکە کارکردنی دامەزراوەیی دەکەوێتە سەرسکە، بۆیە دەبێت لەکوردستانیش ئەوکارانە بکرێت، چونکە بەبەراورد بە بەغداد ئێستا کوردستان لەوڕووەوە دواکەوتووەو حزبەکان نەیانتوانیوە ئەو هەوڵو تێکۆشانەی لەوێی کردیان لە کوردستانیش بیکەن، یان بەشێوەیەکی تر لەکوردستان سەرکردەکان نەیانتوانی لەکلتوری شاخ دابڕێن‌و دەستبگرن بەکلتورێکی شارستانیانەوە.

**هاوڵاتی:** ئێستا پرسیارێك هەیە کە بەرەوڕووی هەمووان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا بەڕاستی کات ماوە بۆ گۆڕانکاری، یان ئەو